کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
12-4-2007 23:28بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# مەسعود بارزانی کەی واز لە عەنتەریات دێنی ... ئازا محەمەد ئابڵاخی

لە هەزارەی سێیەمدا شاهیدی چەندین توانەوەی و لە بەین چونی حوکمی دیکتاتۆریەت و خۆ بەعەنتەر زان بوین کە تەنانەت وای لێهات بە بەر چاوی هەموو دونیا پەتی سێدارە کرایە ملی گەورەترین دکتاتۆری ئەم سەردەمە (سەدام حسێن) کە دەیان وڵات کرنۆشیان بۆ دەبرد (سلۆڤۆدان میلۆ سۆڤیچ) مان بینی کە چۆن لە تەختی حکومداریەتی کەوت و چۆن لە زینداندا بەدەم خەفەتەوە مرد، حوکمی تالیبانیشمان لەبەر چاو بوو کە چۆن مامەڵەی لەگەڵ مرۆڤایەتیدا دەکرد و یەهودی و مەسیحی و دیانەتەکانی تری بەزۆر کردبوون بە ئیسلام و کەسێك نە بوو لەو لاتە نوزەیەك بکات.

ئەو سەیر و سەمەرەیەی ئێمە دەیبینین زۆر لە خەو نزیکە نەك ڕاستی لەم وڵاتە خۆ ئەگەر منالێك بێنیتە شوێنی سەرۆکی هەرێم وا ڕەفتار ناکات ئاخر چەند سەد کیلۆ مەترێك لە دووری کورسیەکەی سەرۆکی هەرێم کەسێك لە سێدارە درا بە تاوانی خۆ بە عەنتەر زانین، ئەوەتا ئێستا ئەو سەرۆکە لەجیاتی کاری دیبلۆ ماسی هەڕەشە دەکات لە وڵاتێکی وەك تورکیا ئاخر تێناگەم بەچی هەڕەشەدەکات بە (نەوەوی) ـەکەی یان بە (موشەکە دوور هاوێژ) ـەکانی کە بی ئەوەی بیر لە چارەنوسی ئەو وڵاتە بکاتەوە ئەمنیەتی دەخاتە ژێر هەڕەشە لەولاشەوە ڕاگەیاندنی حزبەکەی دێت بە هەڵوێستێکی کوردانە پێماندەفرۆشێتەوە وەك ئەوەی ئێستاش سەردەمی ڕادیۆ بێت و بە گوندێك ڕادیۆیەك هەبێت و خەڵك ئاگاداری ڕوداوە جیهانیەکان نەبێت، ڕاگەیاندنی حزبەکەی ئێستاش بە سەردەمی ساڵی 46 بیر دەکاتەوە و ئاگای لەوە نیە کە ئینتەر نێت جیهانی کردووە بە گوندێکی بچکۆلانەی پڕ زانیاری، لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵێك لە جەماعەتی (مامەحەمەیی) ئەشهەدووبیلای بۆ دەکەن و هەڕەشەکردن لە تورکیا بە کارێکی ڕەوا و هەڵوێستی نیشتمانی دەزانن و دەیکەن بە ماستاوو دەیانەوی دەرخواردی گەلی کوردی بدەن، بەڵام واباشە ئەندام و لایەنگرانی مەسعود بارزانی ئەگەر بوێرن ڕۆژێك لە ڕۆژان لە سەرۆکەکەیان بپرسن جەنابی سەرۆك کەی واز لەم عەنتەریاتە دێنی چونکە ئەوە سیاسەت نیە و سەرمان مەکە بە قوڕا هێشتا زامەکانی 94 و 95 و 31ئاب و 1997/10/13 مان سارێژ نە بوە بۆ توشی شەڕێکی ترمان دەکەیت!! یان لێی بپرسن جەنابی سەرۆك ناترسیت ئەردۆغان فایلەکانت ئاشکرا بکات ئاخر لە ساڵی 97 ڕاوە پەکەکەمان بۆ کردون و دەیانی وەك (شەمدین ساکیك) مان بەدیاری بۆ بردوون و هەموو کوردستانمان نیشانداون خۆ هەر ئەوان (قەلعە) یان بۆ دروست کردووین لەم سەری شاخانە و زۆریش نەمابوو پردی قەندیل لەژێر دەبابەکانیاندا بڕوخی!!! ئیتر ئەگەر ئێوەی ئەندامی بچوك بوێرن قسەیەکی وابکەن و سەرۆکەکەتان نەجات بدەن لەو بارە ناهەموارەی کە تێی کەوتوە دەنا مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کەسیان جورئەت ناکەن ئەوە لە حزوری سەرۆکا بڵێن چونکە عەنتەریاتەکەیان بینیوە.

لە کۆتایشدا هەر ئێوە داوا لە سەرۆکەکەتان بکەن و بڵێن جەنابی سەرۆك مادام هەر وای لێهات و هەڕەشەت لە تورکیا کرد ئەی ئەو دیلانەی پەکەکە بۆ ئازاد نەکەین لە زیندانە ڕەشەکەی ئاکری تکایا ئەمر بفەرموو بە ملازم عاشور و جەلادەکان ئەگەر بەریشیان نەدەن لێرە بەولاوە ڕۆژانە با دوو جار دەرگایان بۆ بکرێتەوە و بچنە تەوالێت با چیتر بەتانیان بۆ نەگرنەوە و پیسایی نەکەنە عەلاگەی ڕەش کە ئەمانەشی بە قسە کردن دوو (مسج) بۆ بەجی بێڵن و بڵێن توخوا واز لە عەنتەریات بێنە و کوڕی خەڵکی مەکە بە قوربانی هەڕەشە مناڵیەکانی خۆت خۆ تۆ نە سەرۆکی پاکستانیت و نە ئەحمەدی نەژاد و نە کابرای هیندستانی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.